ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوای کوردستان سلێمان ئەحمەد دوای مانەوەی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی دەیک ئازادکرا



ڕۆژنامەنووسی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، سلێمان ئەحمەد دوای مانەوەی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی دەیک ئازادکرا.

ئەڤە دووشەمە، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ئازادکرا، ئەمەش دوای مانەوەی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی دەیک دوای حوکمی سزای سێ ساڵ لەلایەن دادگای دەیکەوە بەتۆمەتی "هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە".

لە 29ـی تەممووزی 2024، دادگای دەیک سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی (ڕۆژ نیوز) سەپاند و لەکاتی دادگاییکردنەکە، دادگای دەیک ڕێگەی نەداوە نوێنەری یەنامی بەشداری دانیشتنەکە.

زانیاری زیاتر...

هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد کە خەڵکی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستانە ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بە سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبوو گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک

دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بۆ هەرەمی کوردستان بۆ کارەکەی لە سلێمانی، لێلایێن ئاسایشی دەک رفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پاڕزەرانی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی نۆ مانگە لێلایێن ئاسایشی دەک بە تەمەتی پێیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە.

پێشتر ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تێیدا کاری دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تەمەتبارکرد بە ڕفاندنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەتەمەتی ناڕەوا و بێبە هیچ بەڵگە و سەلامەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە خستەپاڕ ئاسایشی دەک کە بە "ئاسایشی پارتی" وەسف کرد.